www.kurdistannet.org
15-8-2007 20:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەولێر _ باشووری کوردستان

## پێنج نامە بۆ نیشتیمانی دایکی دووەمم ... هەرمان خالید

نامەی یەکەم: بۆ هەڵەبجەی خوێناوی
هەڵەبجەکەم، بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم، کە من وەك زۆربەی رۆژنامەنووس و دەسەلآتدارانی تری کورد، تەنیا لە 3\16 تۆم لە بیر نیە، ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم! دەزانی من هەموو کات بیر لە دەردەسەریەکانی تۆ دەکەمەوە؟ بیر لە 5 هەزار نێرگزی وشك کراوت دەکەمەوە؟ بیر لەو نەوانە دەکەمەوە، کە لە دوای خاوەر هاتنە ئەم دونیا پیسە؟ دونیایەك، کە لە نێو ئاپۆرای قسە قۆڕەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاشتی و دادگەری و یەکسانی، تۆیان خنکاند! ئا لەم دەورو سەردەمەی، باس باسی مافەکان بوو، ژیانیان لە تۆ سەندەوە!
گیانەکەم
هیچ غەم مەخۆ، لە دڵی من و هەزارەهای وەك من، دەیان خاوەر دەژی! هەر لەبەر تۆ نەفرەتمان لە سێویش کرد!
نامەی دووەم: بۆ گەرمیانی باڵ شکاوم
خۆشەویستەکەم، نەك من، ئەوە بیابانەکانیش گەواهی ستەم لێکراوی تۆ دەدەن! ویستم بە دوای جەللادانت بکەوم، دەزانی چیم بینی؟ جەللادە ڕەشەکان بە تۆڵەی تۆ گەیشتن و ئێستاش دەگەن. وەلی گیانەکەم، جەللادە جل کوردیەکە هێندە قەبە بووە، بڕوات هەبی ناتوانم بەرامبەری بووەستم و دوو تفی قێزەوەن ڕاوەشێنمە نێوچەوانی! بەلآم دڵنیا بە، گەر ئەمڕۆش نەتوانم، بەیانی قرقرتۆکی دەگرم، ئەو کات گەر پێم بڵێن تیرۆریستیش، هەر سەری دەبڕم!
نامەی سێیەم: بۆقەڵادزێی جوانەمەرگم
قەڵادزێکەم، ئێستاش، کە تۆم بە بیر دێتەوە، قورگم پڕ لە گریان دەبی. ئێستاش لە خۆم دەپرسم، ئەری زانکۆ بۆ دەبی بکوژری؟ بۆ دەبی منالێکی ناو بێشکە بە تۆپ بکوژری؟ کە لە مێشکم وەلآمی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە، باش تی دەگەم، هەر ئەو قوتابیەی زانکۆ دواتر شۆڕشی زانستی بەرپادەکرد، بۆیە کوشتیان، ئەو منالەی ناو بێشکەش دەبووە زریانێك و تاراجی ئەوانی تێك دەدا، بۆیە کوشتیان!
لەگەڵ ئەم نامەیە، دەمەوی موژدەی ئەوەت پی بدەم، کە ئێستا لە سەرانسەری شارو شارۆچکەکان، زانکۆ و پەیمانگا هەیە! سەرۆك و مامۆستا و قوتابیەکانیش کوردن. بۆیە چاوەکەم، بەسە تەواو، جلە ڕەشەکەت فرێدە و ئاڵا پیرۆزەکەی کوردان لە خۆت پێچە!
نامەی چوارەم: بۆ بارزانی مەکۆی شێران
بارزانەکەم، دوای ئەوەی دوژمنان، نەیان هێشت تۆ ئاوەدان بی، زێد بەدەریان کردی بۆ بەشەکانی تری وولآت، لێرەش لە بەحرکە و جێژنیکان و قوشتەپە لێت نەگەڕان، ئاخر ئەوان دەیان زانی تا تۆ هەبی، کورد نابەزی، بۆیە ویستیان بتسرنەوە، زۆر هەوڵیان دا، بەلآم دۆڕان! ڕۆڵەکانیان بزر کردن، بەلآم دۆڕان! ئێستاش گەورەترین دیاری، کورد پێشکەشی ئێوەی کردبی، کوڕە دلێرەکەی ئێوەی کردە سەرۆکی کوردستان!
نامەی پێنجەم: بۆ کەرکوکە بی نازەکەم
باوانەکەم، هێندەی ئێمە خۆشیمان دی، تۆ نەتبینی! هێندەی تۆ ناخۆشیت بینی، ئێمە نەمان دی! بەلآم ڕۆح و دڵەکەم، باش بزانە، ئێستا هەموومان، چاومان لە تۆیە، لە بەژن و بالآت دەڕوانین، چاك بزانە، واز لە بینایی خۆمان بێنین، ئەمجارە واز لە تۆ ناهێنین! سوێندمان خواردوە، بە خوای گەورە، بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
15-8-2007 20:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
کوردستان و ئاڵاو خوێنی شەهیدان، لێناگەڕێین وەکو جاران، زەید و عەلی، تەڕاتێنت پێببکەن!
چاوشارکانێت لەگەڵ بکەن!
نیشتیمانە خۆشەویستەکەم
بۆ ئەوەی سەرت نەیەشێنم، بەمەندە واز دەهێنم، بۆ جارێکی تر جێی دەهێڵم، بەڵام دڵنیا بە، هەموو کاتێك، تۆ و تەواوی ڕۆڵەکانتم هەر لە بیرە، ساتێك لە ژیانم نیە، لەگەڵ یادەوەریەکانت نەژیم.
خۆشم دەوێی ... خۆشم دەوێی ... خۆشم دەوێی وولاتەکەم
کوڕی خۆت
هەرمان خالید
لە پایتەختی باشووری وولات
hgrawy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.